سڵاو لە هاوڵاتی

س. ماکوان

"هاوڵاتی" لە ژمارەی134ڕۆژی 30ی جولای 2003 پەردەی بێدەنگی میدیای باشووری کوردستانی دڕاند و نێوی دوو کوردی بەعسی لە دامەزراوەیەکی گرینگی وەک زانکۆی سەلاحەدین درکاند. بێدەنگییەک کە ماوەیەک بوو بە نێوی "مەسڵەحەتی کورد" لە لایەن چەند داموەدەزگایەکی ڕەسمی وناڕەسمی چاپەمەنی و سایتەوە پەردەی سکووتی بە سەردا کێشرابوو و خوێنەران و بیسەرانی تامەزرۆیان لە چاوەڕوانیدا هێشتبۆوە. سڵاو لەو هەڵوێستە ئازایانەی "هاوڵاتی".

هەر لەم پێوەندییەدا ئاماژەکردن بە چەند خاڵێک بە پێویست دەزاندرێ:

یەکەم:

با ئەوە لە بیر نەکەین کە مەسڵەحەتی کورد لە ئاشکراکردنی تاوانباران دایە نەک شاردنەوەو حەشاردانیان. با لە ئێستاوە "شەفافییەت" بکەینە پێشەی ئێستا و داهاتوو و هەموو کاتێکمان.

دووەم:

چاوەڕووانی لە (هاووڵاتی) و داموەدەزگای دیکە ئەوەیە کە ئاشکرا کردنی تاوانبارانی کوردی بەعسی بەم دوو نێوەوە ڕانەوەستێ و تاوانباران بە بێ لە بەرچاوگرتنی پلەو پایەی سیاسی، فەرهەنگی یان کۆمەڵایەتی یان ئەوە لە کامە شارو گوندی کوردستانە یەک بە یەک ئاشکرا بکرێن.

سێهەم:

دەنگۆی هەبوونی کەسانی پلە بەرزی بەعسی لە نێو یەکیەتی و پارتیدا لە هەموو کوردستان دەنگی داوەتەوە، بەڵام هەتا ئێستا کەسیان لێ ئاشکرا نەکراوە. ئەمەش ئەو مەترسییە درووست دەکا کە ئەو دوو حیزبە بە هۆی ڕێککەوتنێکەوە بە ئاشکراکردنی چەند کەسێکی بێ دەستەڵات، بەرپرسە زلەکان بشارنەوە واتە چەند کەسێکی نەناسراو لە خۆیان و کەسانێکی دیکە لە ڕێکخراوە چکۆڵەکان بکرێتە قوربانی شاردنەوەی کەسانێکی پایەبەرز. لەم بارەیەوە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم مەترسییە ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە سەر شانی (هاووڵاتی) و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دیکە.

. . .

ئێمە چاوەڕێی نێوی دیکەین لە هاوڵاتی و با هاوڵاتیش چاوەڕێی سڵاوی گەرمی دیکەی ئێمە بێ

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.